


# لەخۆڕاوە دووچاری گرفت دێم

ئارام

بەشی دووەم و کۆتایی



ماوەیەکی زۆر بوو بیرم لە پێشنیارەکەی یان راستتر وایە بڵێم بیرم لە خوازبێنیەکەی دەکردەوە. لەو ماوەیەدا سەردانێکی ماڵەوەم کرد، لەنزیکەوە لەگەڵ دایکم باسم کرد، ئەو زۆری پێباش بوو، لەگەڵ باوکم مەسەلەکەی باس کردبوو، باوکم حەزی بەو کارە نەدەکرد. دوو بەدوو دانیشتین، راشکاوانە رەتی کردەوە، ئەو حەزی نەدەکرد تێکەڵاوی بنەماڵەیەک ببین کە لەنەتەوەکەی خۆمان نین و هەمیش لەنێو رژێمێکی داپلۆسێنەردا پلەو پایەیان هەبێ. باوکم دەیگوت:" گرفت لە دوایی دا پەیدا دەبێ، ئەگەر باوکیشی رازی بێ، سەرەنجام دەبینە کۆیلەی ئەوان، ئێمەو ئەوان ئاسمان و رێسمانمان لەیەکتر جیاوازە.

من پێشنیارەکەی باوکمم لا پەسند بوو، نەمدەزانی واز لە خوێندن بهێنم و بۆ بەغدا نەگەڕێمەوە یان خۆمی لێگێل بکەم و وەڵامی نەدەمەوە، وەلی وەڵام نەدانەوە کارێکی ئاسان نەبوو!

بە کۆڵی خەم و لێکدانەوە بەرەو بەغدا گەڕامەوە، دەمزانی رۆژێک لە وەڵامی پێشنیارەکەی دەپرسێتەوە.

رۆژێکیان لە زمانی دایکیەوە پێیراگەیاندم کە بۆ نانی ئێوارە لەلای ئەوان بانگهێشت کراوم. لە دڵەوە حەزم نەدەکرد بچم، بەڵام رەت کردنەوەی داواکە پیاوی لەمن ئازاتری دەویست، بۆیە بە ناچارییەوە دوای دەوام بەیەکەوە رۆیشتین.

راستیەکەی دایکی منی زۆر خۆشدەویست، پێوانەی منداڵی خۆی بۆ دەکردم، ئەمجارەیان سەبارەت بە ماڵەوەمان پرسیاری لێکردم، دیاربوو حەزی دەکرد سەردانی دایکم بکات، هەر لەوێ رێککەوتین لە هاوین کاتێ سەردانی کوردستان دەکەن، بێنە ماڵی ئێمە.

من لەخۆڕاوە ئەم بڕیارەم دابوو، نەمدەزانی دایکم و باوکم پێیانخۆشە یان نا؟!

مانگی تەمموز بەغدا هاڵاوی لێهەڵدەستێ، بۆیە زۆربەی دەوڵەمەندان خۆیان دەپێچایەوە بەرەو هاوینەهەوارەکانی کوردستان دەهاتن، ئەو هاوینە ئەوانیش هاتنە کوردستان و ماوەیەک لەماڵی ئێمە مانەوە. ئەوان زۆر باش لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم دەگونجان. ئێمە خانوێکی گەورەمان هەبوو، جێگەی هەمووان دەبێوە، ئەو ماوەیە لەگەڵ دایکم هەموو کارێکیان برِیەوە، دایکم زۆر پێیباش بوو کە من کچی پیاوێکی دەستەڵاتدار بخوازم، ئەو دەیگوت: "دەستت لە خەزێنە گیر دەبێ، هەم کچی کەسێکی ناسراو دەخوازی هەمیش کارەکانت بۆ مەیسەر دەبێ" من تا ئەو کاتەش راڕاو نیگەران بووم، بەتایبەتی قسەکانی باوکم زەنگی مەترسیان لە ناخ و دەروونمدا لێدابوو، دەمزانی باوکم هیچ قسەیەک ناکات ئەگەر پێشتر پێوانەی بۆ نەکردبێ، بەڵام دایکم سەرەڕۆیانە لە دەوروبەری دەڕوانی، پێیوابوو ئەگەر بەو ژنهێنانەی من ئەوانیش لە بەڵا دوور دەکەنەوەو دەپارێزرێن.

ساڵی سێیەمی خوێندن ئێمە ئەڵقەمان لە پەنجە کردبوو، وەکو دوو هاوسەری دوارۆژ رەفتارمان دەکرد، بۆ هەر شوێنێ برۆیشتباین کەس قسەی بۆ نەدەکرا، هەرچەندە من حەز دەکرد وەکو جاران بایەخ بە خوێندن بدەم، بەڵام لەسەر داخوازی ئەو زۆربەی ئێواران پیاسەمان دەکرد. هەستم دەکرد فێرخوازە عەرەبەکان رقیان لێمدەبێتەوە، فێرخوازە کوردەکانیش بە پارێزەوە لێم نزیک دەبنەوە، من هەر کەسەکەی جاران بووم، بەڵام چونکە لەگەڵ ئەو کچە ئەڵقەمان گۆڕیبوو ئیدی رەزام قورس بوو، عەرەبەکان پێیان ناخۆشبوو کە کوردێک کچی بەرپرسێکی باڵا بخوازێ، کوردەکانیش پێیان باش نەبوو کوردێک کچی بەرپرسێکی باڵای ئەو رژێمە بخوازێ، هەردوو لایەن رەفتاریان لەبەرانبەرم دا گۆڕابوو. ئێوارەیەک بۆ بەشی ناوخۆ دەگەڕامەوە، ئۆتۆمبێلێکی کراون رایگرت، سێ گەنج دابەزین ، منیان سواری سەیارەکە کرد و رۆیشتن، ئەوان هیچ قسەیان نەدەکرد، منیش هیچ پرسیارم نەدەکرد، دوایی لە چۆڵەوانی رایانگرت، هەر لەخۆڕاوە چینکی باشیان تێهەڵدام، من دەمویست داکۆکی لەخۆم بکەم و سەبارەت بەو تێهەڵدانە پرسیار بکەم، ئەوان دەرفەتیان نەدەدام و لێیان دەدام، دوایی لەوێ جێیان هێشتم، هەر خۆم دەزانم بە چ دەردەسەری گەیشتمەوە ئاوەدانی و خۆم گەیاندە نەخۆشخانە. لەوێ تەلەفۆنم بۆ دەستگیرانەکەم کرد، ئەوان بەپەلە گەیشتنە لام، ماوەی چەند رۆژێک لە نەخۆشخانە مامەوە، ئەو بەردەوام سەردانی دەکردم، بەڵام من لەناخەوە هەستم بە مەترسی گەورەتر دەکرد، پێموابوو ئەو رفاندن و تێهەڵدانە لەخۆڕاوە نیە، ئەوان دەیانتوانی بشمکوژن، بەڵام بۆچی نەیان کوشتم وەڵامەکە لەلای خۆیانە.

ئێمە بەرنامەمان دانابوو کە دوای تەواوکردنی خوێندن ماڵی هاوبەش دروست بکەین، ئەوانیش رازی بوون کە ماڵەکەمان لە کوردستان بێ، زۆر جاران دایکی بە گاڵتەوە دەیگوت: "ئەگەر ماڵی کچ و کوڕی خۆم لە کوردستان بێ بیانۆمان دەبێ و بە ئاسانی دەچینە سەیران و لە هاوینەهەوارەکان دەگەڕێین و پێویستیشمان بە هۆتێل نابێ"

هاوینەکەی کە گەڕابوومەوە کوردستان هەستم دەکرد خزمە نزیکەکانی خۆشم بۆنی نامۆییم لێدەکەن و خۆیان بەدوور دەگرن، تەنانەت ناوناتۆرەی بەعسی بوونیشیان خستبووە پاڵم. هاورێیەکی باوکم پێشنیاری پێکردبوو، گوتبووی باشتروایە بچیتەوە بەغدا، دەترسم لێرە دەستی لێبوەشێنن.

باوکم زۆر خەمی دەخوارد، بەڵام دایکم لە خۆشی هەڵکێشرابوو، وایدەزانی پەنجەرەی بەخت بەڕووی ئێمەدا کراوەتەوە. منیش هێواش هێواش لە روانگەی باوکم نزیک دەبوومەوە.

لە پۆلی چوارم بووین، لەگەڵ دەستگیرانەکەم و خوشک و براکانی بۆ ئاهەنگێکی تایبەت بانگهێشت کرابووین، کوڕی وەزیرێک ژنی دەهێنا، عودەی کوڕی سەدام حسێن و کوڕەکانی بارزان و وەتبانیش لەوێ بوون، لەوێ لەنێوخۆیان بەشەڕ هاتن، بە رێکەوت کوڕەکەی وەتبان لە مردن رزگاری بوو، هەر زوو پاسەوانەکانی عودەی گەیشتنە جێ، شوێنەکەیان گەمارۆ دا، ئەوسا ئامادەبووان یەکە یەکە دەچوونە دەرەوە، پاسەوانەکان ناسنامەکانیان وەردەگرتن و ناوەکانیان دەنووسی، دەیانگوت: " ئەگەر ئەم رووداوە بچیتە دەرەوە، تۆ بەرپرسیار دەبی" کاتێ ناسنامەی منیان وەرگرت زۆر لایان سەیر بوو چۆن کوردێک بۆ ئەم ئاهەنگە تایبەتیانە بانگهێشت دەکرێ، دەیانویست قۆڵبەستم بکەن، بەڵام خێرا دەستگیرانەکەم و براکانی بەهانامەوە هاتن، تا برا گەورەکەی خۆی نەچوو بۆ لای عودەی و بەڵێنی پێنەدا رێگەیان پێنەدام لە هۆڵەکە بچمە دەرێ.

رۆژ دوای رۆژ هەستم بە نامۆیی جیهانی بەرپرسان دەکرد و تێدەگەیشتم لەگەڵ بنەماڵەی ئێمەدا ناگونجێ، وەلێ رێگەی گەڕانەوە بە مەرگ تەواو دەبوو.

من لەبنەماڵەیەکی داراو خاوەن سامان بووم، پارەیەکی خەیاڵیم بۆ دەستگیرانەکەم خەرج کردبوو، ئەوێ رۆژێ بای 150 هەزار دینار زێڕم بۆ کڕی بوو، بەڵام ئامادەبووم دەستبەرداری هەموو پارەکە بکەم، ئەگەر بەبێ گرفت لەو کێشەیە رزگارم ببێ و لەجیهانی بەرپرسان دوور بکەومەوە.

ئێمە زانکۆمان تەواو کرد، داگیرکردانی کوێتی بەسەر داهات، من بەرگی سەربازیم لەبەر کرد، ئیدی زەماوەند دوورتر کەوتەوە، دوایی شەڕی کەنداوی بەسەر داهات، دوای تەواوبوونی شەڕ دوو مانگ مۆڵەتیان بۆ وەرگرتم، بڕیارمان دا لە کۆتایی مانگی 3 زەماوەند بکەین، هەموو شتێکمان تەواو کرد، ماڵمان دانا، خۆشبەختانە راپەڕینی بەهاری 1991ی بەسەر داهات، ئیدی من لە کوردستان مامەوە. دواتر کە بەعس گەڕایەوە ئێمە لەشار نەمابووین و گەیشتبووینە ئێران، ئەوان سۆراخی ئێمەیان کردبوو، پاشان کە هاتینەوە لە رێگەی ناسیاوێکەوە هەواڵیان نارد کە دەبێ من بچمە بەغداد و لەوێ زەماوەند بکەین و ماڵی هاوبەش پێکبهێنین. ئەوان زۆریان پێناخۆشبوو چۆن زاواکەیان خزمەتی سەربازی ناکات و لە خزمەتی سەربازی رایکردووە؟!

من گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و رژێمی بەعسم بەهەل زانی و بەرەو ئەوروپا رۆیشتم، کاتێ زانیبوویان من لە وڵات نەماوم، هەڕەشەیان بۆ ماڵی باوکم ناردبوو کە چۆن من بەبێ پرسی ئەوان سەری خۆم هەڵگرتووەو بەرەو هەندەران رۆیشتوومە؟!

کاتێ لە وڵاتێکی ئەوروپا گیرسامەوە و ئیقامەم وەرگرت ئەوسا تەلەفۆنم بۆ کردن، ئەوان زۆر گلەیی و گازاندەیان لێکردم، دایکی دەیگوت: "تۆ کوڕی من بوویت چۆن بەبێ پرسی من عێراقت جێهێشتووە، ئەو داوای دەکرد بە زووترین کات بگەڕێمەوە، بەڵام پێمراگەیاندن کە ناتوانم بۆ وڵات بگەڕێمەوە، با ئەوانیش چاوەڕێی من نەکەن!

# چیرۆکێکی ڕاستەقینە لە بەهەشتی ژنانەوە!

وڵاتی سوید یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپاو هەموو جیهان، دیموکراسی و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤی تیادا پارێزراوە، بەتایبەتی مافی ئافرەت. کەچی کێشەی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتان و لێدان و کوشتنیان، ڕۆژبەڕۆژ لە زیاد بووندایە، هەرچەندە دەڵێن لە 13% ئەم کێشانە کەسانی (بیانی)، ئەنجامی ئەدەن.

بەپێی ڕاپۆرتی پۆلیس لە ساڵی (2005)،دا (24097)، سکاڵای ئافرەتان تۆمار کراوە، بەڵام لە ساڵی (2006)،دا دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتان بەرزبۆتەوە بۆ (25491)، سکاڵای داواکراو، ئەمە تەنها ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە نەترساون و سکاڵایان تۆمار کردووە، ئەگینا زۆری تر هەیە کە ناوێرن و پەردە پۆشی کێشەکان دەکەن لەترساندا. وە بەپێی سەرچاوەیەکی تر ئافرەتان لە 5% سکاڵای خۆیان دەگەیەنن بە دادگە. هەروەها بەپێیی ڕاپۆرتێکی تر ساڵانە 3 میلیار کرۆن لە پێناوی ئەم کێشانەدا تەرخان دەکرێ.

کوشتن و لەناوبردنی ئافرەتانی ڕۆژئاوا جیاوازییەکی زۆری هەیە وەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان وەک لە کوردستان ئەنجام دەدرێت، ئافرەتی ئەورووپی فێری ئەوە نەبوون لە ناچاری و بێدەسەڵاتیدا خۆیان بسوتێنن، یان خۆیان بکوژن، بەڵام ئەمان زۆرینەیان بە چەقۆ دەکوژرێن یان هەندێک جار دەسوتێنرێن، وەک لێرەدا (کێرستین لوندبێری)، باسی تراژیدیای سوتاندنی خۆیمان بۆ دەکات بە دەستی هاوڕێ پیاوەکەیەوە.



Kerstin Lundberg ، سەیری وێنە کۆنەکانی پاش سوتانی خۆی دەکات و بەبێزاریەوە دەڵێت: پێم وایە ئێستا جوانترم لە جاران، بێگومان دیارە ئێستاکە جوانترم لە جاران.! پێش نیوەڕی چواری مایی دووهەزارو سێ بوو، بەرواری ئەو ڕۆژەم هەردەم لەیادەو لە مێشکمدا جێگیر بووەو بێگومان لەبیری ناکەم، من پێشتر چەندین جار لەگەڵیدا قسەم کردو باسی ئەوەم بۆ کرد، کە پێکەوە ناگونجێین، بۆیە پیاوێکی ترم خۆش دەوێت، باشتر وایە ئیتر پەیوەندی نێوانمان کۆتایی پێ بێت، بەڵام ئەو هەرگیز نەیدەویست لێم تێبگات و کۆتایی بە پێوەندی نێوانمان بهێنێت، ئێمە پێکەوە نەدەژیان، تەنها لەکاتی پشوودا، یان جاروبار لە شەوانی ئاسایدا یەکترمان دەبینی و دەهات بۆ ماڵەکەم، ئەو کات تەمەنی هەردوکمان 39 ساڵ بوو، من خاوەنی پێنج منداڵ بووم، بەڵام کەسێکی سەربەخۆو سەربەست بووم، ئەویش لەگەڵ دایکو باوکی خۆیدا دەژیا، بێگومان ئێمە دوو کەسی پێچەوانە یەکتر بووین، من لە ژیانی خۆمدا تایبەتمەندی خۆم هەبوو، بۆیە داوای ئەوەم لێکرد کە دەبێت کۆتایی بەم پەیوەندییە بهێنین.

وەک باسم کرد، دەورو بەری بەیانی بوو، بەرواری چواری مایی دووهەزارو سێ، زەنگی دەرگاکە لێدراو منیش کردمەوە، ئەو هاتە ژوورەوە، دوای ئەوەی نان و چایی بەیانیمان پێکەوە خوارد، ئەو باسی پچڕانی پەیوەندی و جیابونەوەی دەکردو خوازیاری ئەوەی هەبوو دیسان پەیوەندی دروست بێتەوە، منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن قسەی لەگەڵ بکەم و تێبگات کە ئیتر ماوەی نێوانمان کۆتایی پێ هاتووەو من ئەوم ناوێ و کەسێکی ترم خۆشدەوێ، ئەو لەگەڵ خۆیدا جانتایەکی سوری هێنا بوو، بەڵام نەمزانی چی تیایە، ئیتر لێرە بەدواوە دۆزەخی ژیانم دەستی پێکرد، بەدەنگی بەرز هاواری کردو بەهەموو هێزی خۆی ڕادیۆکەی کێشا بەسەرمداو دەست بەجێ لەهۆشی خۆم چووم و ئاگام لە هیچ نەما، کاتێک بە هۆشدا هاتم دەبەیەک بەنزینی بە هەموو گیانمدا کرد، سەرەتا من وامزانی ئاوی ساردم پیادا دەکات، بۆ ئەوەی بەهۆشدا بێمەوە، بەڵام ئەو بێ بەزەیانە ئاگری لە جەستەم بەرداو سەراپا گیانم وەک مەشخەڵ گڕی گرتوو دەسوتام، کەسێک نەبوو بگاتە فریام، هەرچەندم دەکرد نەم ئەتوانی دەرگای دەرەوە بدۆزمەوە، بۆیە پەنام برد بۆ دەرهاوسێکانم بۆ ئەوەی فریام بکەون، چەند جارێک زەنگی دەرگای دەرهاوسێی یەکەم و دووەمم لێدا، کەس نەیکردەوە و نەگەشتنە فریام، دوای بەرەو دەرگای دەرهاوسێی سێیەم ڕۆشتم، کچێک دەرگای لێ کردمەوە، کە منی بینی بە سوتاوی بە دەنگی بەرز هاواری کردو بە کوڕە هاوڕێکەی گوت، تەلەفۆن بۆ ئامبولانس بکە ، دوایی منی لەناو گەرماوی ماڵەکەی داناو هەموو گیانی شۆردم و ڕەوانەی نەخۆشخانەی **سۆلنا** کرام، بەهۆی زۆری سووتانی گیانم ماوەی دوو مانگ لە نەخۆشخانە خەوتم و لەوێدا مامەوە، بەتایبەتی پشتم و ئەژنۆکانم و سەروچاو و سنگم و خواری لێوم کە بەباشی ناجوڵێت، بۆیە دەبێت سەرسنگم و مل و یەخەم هەمووکات داپۆشراو بێت، هەروەها دەبێت جل و بەرگی داپۆشراو لەبەربکەم و خەڵکی بەشێوەی نائاسایی سەیرم نەکەن، چونکە من پێشتر ئافرەتێکی جوان و چاو سەوز بووم، تاوەکو ئێستا 18جار نەشتەرگەریم بۆ کراوەو نزیکە 10نەشتەرگەری تریشم دەوێت، ئەوە ماوە بڵێم، وا هەست دەکەم کە ئافرەتێکی ئازاو خۆڕاگر بووم، کە چۆن توانیومە بەرگەی ئەم هەموو تراژیدیایە بگرم، بەڵام نازانم تا چەندە توانای ئەوەم هەیە کە خۆڕاگر بم بۆ نەشتەرگەرێکانی ترم و بەهیوای خۆڕاگریم.



ئەحمەد تازەدێیی_سوید

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com